

# نامەیەکی کراوە بۆ وەزیری شارەوانییەکان

ئێوە بەم دواییانە بڕیاری دەرکردنی مەلا کرێکارتان لە نەرویج دا! ئەمەش بە کردەوە بە مانای ئەوەیە کە بگەڕێتەوە سەر هەمان ئەو کارە تیرۆریستیانەی کە لە دژی خەڵکی کوردستانی عێراق ئەنجامی داوە. ئەمە تەنها بەو مانایەیە کە هەمان ئەو فتوایانەی دووبارە بکاتەوە کە ئەیووت:" موونافیق و کافرەکان ئەبێ بە تەور بکوژرێن وملیان بە شمشێر بقرتێنرێت وە گوێیان ببڕدرێت". (ئەمە یەکێکە لە خوتبەکانی لە مزگەوتی الفرقان لە شاری هەولێر لە کوردستانی عێراق ساڵی 1992) . ئەو ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو فتوایانەی لە دژی مامۆستایان ئەیدا کە ئەیووت: ". . . ئەگەر چوار گەنجی موسوڵمانی بەغیرەت چوار لەو مامۆستایانە بکوژێ کە ڕێ لە خوشکان ئەگرن حجاب بپۆشن لە قوتابخانەکاندا، ئەوانی تریش تەمێ ئەبن ناوێرن شتی وا بکەن. " ( یەکێکی تر لە خوتبەکانی لە مزگەوتی الجهاد لە شاری سلێمانی) .

ئێوە، وەهەموو ئەوانەی کە گرنگی ئەدەن بە کوردستانی عێراق، ئاگاداری ئەوەن کە تاقمە تیرۆریستییە ئیسلامییەکان چییان کردووەوچۆن وەك مشەخۆر خوێنی خەڵکیان مژیوە. ڕاپۆرتەکەی ( هیومان رایتس ووچ) لە 2003/02/12 زۆر بە ڕۆشنی نیشانی ئەدات تاقمەکەی مەلا کرێکار چییە. سەربارى ئەوەش ئێمە وەك حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق هاوکات لەگەڵ دەستگیردنی ئەودا لە هۆڵەندا مەحکەمەمان لێ گرت و دۆکیومێنتەکانمان دا بە پۆلیسی نەرویج و داوای دادگاییمان کرد. بەڵام هەتا ئێستا حکومەت ودەسەڵاتەکەتان هیچ هەنگاوێکتان بۆ پرۆسەی دادگایی کردنەکەی نەناوە. بەڵکو بڕیاری دەرکردنیتان داوە لە نەرویج! پرسیار ئەوەیە: لە وڵاتێکی دیموکراسی وەك نەرویجدا کە یاسا هەیە، ئایا سزای بکوژێك وە کەسێك کە ڕابەرایەتی گروپێکی تیرۆریستی کردووە کە چەندین کەسی بە بەرچاوی ئێمەوە تیرۆر کردووە، کە ئەمنیەتی کۆمەڵگایەکی بە تەواوەتی تێك داوە لە کوردستان، تەنها دەرکردنە؟! ئایا کوشتنی خەڵکی عەلمانیوچەپوکۆمۆنیست، تەقاندنەوەی ساڵۆنەکانی ژنان، فەتوادان لە دژی هەموو ئەوانەی کە ڕەخنە لە ئیسلاموئیسلامی سیاسی ئەگرن، وە پشێوی نانەوە بۆ ئێوە گرنگ نییە؟! ئایا ئێوە هەموو ئەوانە بە تاوان لە دژی خەڵکی کوردستان دانانێن؟! ئەگەر وایە، ئەی بۆچی دەری ئەکەن وئەیگێڕنەوە بۆ ئەوەی هەموو ئەوانە دووبارە بکاتەوە کە لە دژی خەڵك کردوویەتی؟! تاوانبار هەر تاوانبارەو ئەبێت سزا بدرێت. ئەوەی ئێوە کردووتانە بڕیارێکی عادڵانە نیەولانی کەم سزا نییە! ئەمە وەك ئەوە وایە بۆمبەکە لە وڵاتەکەی خۆتان دوور بخەنەوەو بەڵام بینێرن بۆ کوردستان! وەك ئەوە وایە کە خۆتان لەو برە هیرۆیینە ڕزگار بکەن بەڵام بینێرن بۆ شوێنێکی تر! بەڵام ئەم بۆمبە لەوێ لە کۆمەڵگای ئێمە بەخەڵکدا تەقییەوەوئەو هیرۆیینە لەوێ کارکردی خۆی نواند! خەڵکی ئەوێش ئەیانەوێ

**خۆيانى لىٚ ڕزگار بکەن! ئەوەش تەنها بە دادگايى کردنى ئەو ئەکرێت. بۆيە پێويستە بەو بڕيارەتاندا بچنەوە، و بيخەنە زيندانەوە، ودەست بکەن بە پرۆسەى دادگايى کردنەکەى.**

**جمال محسن**

**لە لايەن حزبى کۆمۆنيستى کرێکاريى عێراقەوە لە نەرويج**

20 **ى فێبريوارى** 2003

**وێنەى بۆ/**

- **بەڕێوەبەرێتى کۆچ ( UDI)**
- **ليژنەى پياچوونەوەى کۆچ ( UNE)**
- **ئەمنستى ئينتەرناشيۆنال لە نەرويج**
- **ئەحزاب وڕێکخراوەکان**

---

**ئيمەيل:** jmuhsin@yahoo. com

**تێبينى کوردستان نێت:**

**مەرج نيە ئەم نووسينە لەگەڵ بير و بۆچونى نەتەوايەتيماندا بێت، کە بۆچونە (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆى بڕوا بوونمان بە ئازادى دەربڕينەوە، بڵاويدەکەينەوە. لەگەڵ ڕێز و خۆشەويستيماندا بۆ پارێزەرانى بيرى نەتەوايەتى و خەباتکارانى ئەم ڕێگەيە.**

**ئەم تێبينيە لە ژێر هەموو نووسينێکدا دەنووسرێت..... 15-1-2003**

www.kurdistannet.org

کوردستان نێت